## بابەت: 5

## بلاوبوونەوەی زمانی عەرەبی:

لە گەڵ فتوحاتی ئیسلامی بێگومان زمانی عەرەبی کە زمانی ئایینی ئیسلامە بلاوبوو یەوە کە دواتر بوە زمانی رەسمی بۆ کارگێڕی دەوڵەت و زانست ومەعریفە وهەڵسوکەوتی نێوان دەوڵەتی ئیسلامی ودانیشتوانی ولاتە فە تحکراوەکان، لە مەوە لە خوشەویستی ئایینی ئیسلام پێشوازییان کرد لەو زمانە وتاویان دایە فێربوونی تا ئەو رادەیەیی زۆربەی نووسەران لە نێو کورد و نەتەوەکانی تر بە دیار کەوتن. هەروەها بلاوبوونەوەی زمانی عەرەبی وکولتووری ئیسلامی لە نێو کوردا دەگریتەوە بۆ سەردەمی فتوحات کاتێ کە فتوحات ئەنجام درا ژمارێك لە عەرەبەکان کۆچیان کرد بۆناوچە فەتح کراوەکان لی نیشتە جێ بوون وتیکەڵ بە خەلکی ناوچەکە دەبوون تا فیری بنەماکانی ئایین ئیسلامیان بکەن، هەروەها زۆربەی ئەو کۆچبەرانە کەسانی بەخشندە وئاین زان بوون،هەروەها هەوڵی زانا وئایین دوست وای کرد زمانی عەرەبی لە ناوچەکان بلاووببێتەوە بۆ وتێکەڵبوون لە گەڵیاندا ئەنجامدرابێت ژیانی رۆژانەیان ، لێرەوە زۆر شت بۆ خەڵك روون دەبێتەوە دەربارەی بنەماکانی ئیسلام، ئەم ئایینە جگە لە حەز وئارەزووی فێرکردنی زمانی عەرەبییان ، یان لە رێگەی هاوشێوە کردنەوە یان بە دانانی بازنە بۆ فێرکردن و فێرکردنی زمانی عەرەبی. هەر ئەم زمانەش بوو بە زمانێکی زیندوو لە ناوچە فەتح کراوکان و ناوبانگی پەیدا کرد لە سەدەی دووەمی کۆچی/ سەدەی حەوتەمی زاینییەوە زۆربەی کوردە موسڵمانەکان زمانی عەرەبی فێربون، بۆ نموونە ئەم زمانە لە شاری هەولێر بلاوبووە وەك یاقوت الحموی دەڵێت: ( زۆربەی خەڵکی هەولێر کورد ن بە عەرەبی قسە دەکن ). هەروەها زمانی عەرەبی تەنیا زمانی ئایین وئیدارەیی نەبووە ، بەڵکو زمانی رۆشنبیری وزانستەکان بووە ، هەروەها کوردەکان نووسراوەکانیان بە زمانی عەرەبی بوو ، بەڵگە لە سەر ئەوەش کە هیچ بەرهەمێکی نووسراومان نە دۆزیوەتەوە کە بە کوردی نووسرابێتەوە. ئەمە بەو مانایە نییە کە بە زمانی کوردی قەسەیان نەدەکرد بەڵگو سیمای زمانی فیکر وزانست وفێربوون زمانی عەرەبی بووە لە سایەی بلاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامی لە ناوچەکەدا وزمانی دانیشتوانەکە مایەوە، بەڵگە لەسەر ئەمەش ئەوەیە کە کورد تا سەردەمی ئێستامان ، زمانی تایبەتی خۆیان هەیە، و دابەشکراوە بە سەر چەند زاراوەیەکدا.

هۆکارەکانی بلاوبوونەوی زمانی عەرەبی بەم شێوازە ئەگریتەوە بۆ ئەو هەموو ئەکارا نی ئایینی ئیسلام کە بیشتر باسمان لێوە کرد هەروەها لە یادیشمان نەچێت کە تەشەسەندنی زمانی عەرەبی بەم شێوازە رەنگە بگەرێتەوە کە موسڵمانان بە هێزی چەك نەبەستووە بۆ بلاوکردنەوەی وناچارکردنی ئەو کەسانەی نەکردووە کە موسڵمان بوون فێری بن، کاتێك موسڵمانان توانیان کورد بخەنە ژێر دەسەلاتی خۆیانەوە، ئەو هێزە پێشەنگی بیری ئایینی وسیاسی بووە وکاری کردووە بۆ بلاوکردنەوەی زمانی عەرەبی تا بە باشی لە ئایینی ئیسلام ئاشنا بن . هەروەها زمانی عەرەبی بویە زمانیکی هاوبەشی

**یەکگیر لە نیوان گەلە جیاجیاکان زمانی عەرەبی بوو بۆیە بە شانازیەکی گەورەیان دەزانی کە زمانی عەرەبی بەکار بهینن لە نوسینەکانیان کە زمانی عەرەبی بۆ بە زمانی هەزر وبیر.**

**ئەمە و کاتێك عەرەبە موسڵمانەکان کوردیان هێنا یە ژێر دەسەلاتی خۆیانەوە، وەك نەتەوەیەك بە میرات وزمانی خۆی پاراست بە چوونە ناو ئیسلامەوە ئەمە بەو مانییە نیە کە ناسنامەی خۆیان لە دەستدا ، بەڵکو ئیسلام کاری ئەوەی کرد رێز لە هەموو نەتەوەکان بکریت وبە ئاشتی پیکەوە کار بکەن، رۆژهەلاتناس بارتولد ئامەژە بەوە دەکات لە کتێبەکی** تاريخ الحضارة **الإسلاميه( نەتەوەکانی لە نێو جیهانی ئیسلامدا ناسیۆنالیزمی خۆیان لە دەست نەدا وەك گەلانی جیرمانی (الاقوام الجرمانيه )لە ئەوروپا ومەغۆلەکان لە ئاسیا .... زاڵبونی زمانی عەرەبی بە هۆی هێزی دەسەلاتی حوکمەت نەبوو بەڵکو هەڵبژاردە بوو ).**

**لە دەرئنجامی ئەم تێکەل بوونی گەلان موسلمان بوونی گەلانی فە تحکراو کە بەو خۆیان لە کۆیلایەتی وبتپەرستی ڕزگار کردو کەوتنە بەدەستهێنانی زانست و مەعریفە و دوورکەتنەوە لە بنەڕەتەکانی ژیاری پێشوویان ونیشاندانی ژیاری ئیسلامی و سەرخستنی. هەروەها بە عەرەبی کردن واتە کردنی زمانی عەرەبی بە زمانی ڕەسمی بۆکارگێری دەوڵەت و زانست و مەعریفە و دوورکەوتنەوە لە بنەڕتەکانی ژیاری پێوویان ونیشاندانی ژیاری ئیسلامی وسەرخستنی. سوودوەرگرتن لە فەرهەنگی ژیاری گەلانی پێشوو شارستانیەتی ئیسلامی لەئە نجامدا ژیارێکی نوێ دەرکەوت کە ڕۆحێکی نوێی بەربەردا کراو گەشەی سەند.....هتد**

**کورد بە هەموو ناوچەکانیەوە ڕۆڵی هەبوو لە بوژانەوە و پێشککەوتنی ژیانی زانستی و رۆشەنبیری شارستانیەتی ئیسلام وکورد وکورد بوون لە ژێر سیبەری ئیسلامدا قۆناغیکی پێشکەوتن و رووناکی بەخۆیەوە بینی، مێژووی کورد وکوردستان بەرەو ئارستەی جیهاندا ڕۆیشت لە وەش زیاتر لە زۆرەبەی کتێبی معاجم وتبقات ناو و نازناوی کوردی بەدی دەکریت کە پەرتو بلاوەنەتەوە لە جیهانی ئیسلامیدا و کاریان کردووە شان بەشانی نەتەوەکانی تر بۆ خزمەت کردنی مروڤایەتی و ئاینی ئیسلام.**

ناودارانی کورد هەرچەندە لە پرۆسەی نووسین و داهێناندا زمانی زگماکیان پشتگوێ خست و هەرگیز بیریان لە بەکارهێنانی نەکردەوە، بەڵام ناسنامەی نەتەوایەتی خۆیان پاراستووە و نازناوی نەتەوەیی ئەو باژێڕ و هەرێمانەی لێیوە هاتوون هەڵگرتووە و نەژاد و بنەچەی خۆیان لەدەست نەداوە و شانازیان دەکرد بە کورد بوونی هۆز و بنەماڵەکانیان. ئەگەر بڕوانینە سەرچاوە و ژێدەرە مێژووییەکان لە ژیاننامە و دەنگوباسی سەدان کەسایەتی ناوداری کورد بەرچاو دەکەوێت لە: ئەربیلی و شارەزووری و دینوەری و ئامەدی و ئەرمەوی و هەکاری و هەزبانی و جاوانی و گۆرانی و زەرزاری و مارانی ...هتد، کە لە بوار و لایەنە هەمەجۆرەکانی زانست و وێژە و بیرمەندی و کولتوری ئیسلامیدا هەڵکەوتوون و گەیشتوونەتە

**ئاستێکی بەرز و پایەیەکی بڵند و بە کارەکانیان شآرستانییەتی کوردیان دەوڵەمەند کردووە و دڵسۆزانە و لێبڕاوانە خزمەتی شارستانییەتی ئیسلامیان کردووە**